# ئەمریکیەکان دیوار لە نێوان شیعەو سوننە دروست دەکەن

ڕۆژی گەل



*ئەمریکا هەوڵی قوڵکردنەوەی ناکۆکی و ململانێی نێوان پێکهاتەکانی عێراق دەدات*

هەواڵەکان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە هێزەکانی ئەمریکا لە بەغداد بڕیاریان داوە بە درێژایی پێنج کیلۆمەتر لە گەڕەکی ئەعزەمیە دیوار لەنێوان شیعەو سوننەدا دروست بکەن.

دروست کردنی دیوار بۆ جیاکردنەوەی دانیشتووانی شارێک لە سەدەی رابردوو لە شاری بەرلینی ئەڵمانیا هەنگاوی بۆ هەڵگیرایەوە، بەوهۆیەوە بەرلینی رۆژهەڵات و رۆژئاوا دروست بوو، مشتومڕێکی گەورەی لەنێوە نێودەوڵەتیەکاندا دروست کرد، بەڵام دوای هەرەسهێنانی بلۆکی بەناو سۆسیالیستی لە ساڵی ١٩٨٩دا خەڵکی شارەکە بۆخۆیان ئەو دیوارەیان رووخاند، ئێستا دیواری بەرلین بۆتە رابردوو، وەکو مێژوو باسی لێوەدەکرێ.

مانگی حوزەیرانی ساڵی ٢٠٠٢ حکومەتی ئیسرائیل بەبیانۆی رێگرتن لە تیرۆریستان بڕیاریدا دیوارێک لەنێو شاری قودس لە نێوان عەرەب و جولەکەکاندا دروست بکرێ، هەنگاوی یەکەمی دیوار دروست کردنەکە لە تەمموزی ٢٠٠٣ دا تەواوبوو، بەم شێوەیە بەدرێژایی ١٤٣ کیلۆمەتر دروست هەڵچنرا، ئەم دیوارەش هەراوهۆریایێکی گەورەی نایەوە، دادگەی نێوەدەڵەتی لە نۆی تەمموزی ٢٠٠٤ بڕیاری هەڵوەشانەوەی دا، بەڵام حکومەتی ئیسرائیل بڕیارەکەی جێبەجێ نەکردو تا ئێستاش درێژەی هەیەو بەتێکڕایی بڕیاروایە بە درێژایی شەش سەدو بیست کیلۆمەتر دیوار دروست بکرێ .

مانگی ئابی ٢٠٠٦ هەواڵی ئەوە بڵاوبۆوە کە شارەوانی شاری پادۆڤای هەرێمی ڤێنیتۆی وڵاتی ئیتالیا بڕیاری داوە بە درێژایی سەد مەتر دیوارێکی سی مەتر بەرز لەنێوان ئەو باڵاخانانەدا دروست بکات کە پەنابەری بیانی تێدا نیشتەجێکراون، ئەمەش بۆ جیاکردنەوەی ئیتالیەکان و ئاوارەکان هەنگاوی بۆ هەڵگیرایەوەو هەرایێکی زۆری نایەوەو بەوە تۆمەتبارکران کە دەیانەوێ مرۆڤەکان لەیەکتری جیابکەنەوە، رێکخراوەکانی پاراستنی مافی منداڵ و رێکخراوە چەپ و سۆسیالیستەکان زۆر بە توندی دژی ئەم دیوارە وەستانەوەو رایانگەیاند کە دیوار لە نێوان ئەو منداڵانەدا دروست دەکرێ کە لەوانەیە بیانەوێ بەیەکەوە یاری بکەن. ئێستا لە مانگی نیسانی ٢٠٠٧ دا هێزەکانی ئەمریکا بەبیانۆی کەمکردنەوەی هێرشە خۆکوژیەکان دەیانەوێ دیوارێک به درێژایی پێنج کیلۆمەتر لەنێو شاری بەغداد دا دروست بکەن.

ئەگەر پاساوی دروستکردنی دیواری بەرلین لەنێو دانیشتووانی یەک نەتەوەو یەک زماندا جیاوازی ئایدۆلۆژی یا هەبوونی بلۆکی سۆسیالیستی و بلۆکی رۆژئاوا بووبێ، ئەگەر هەڵچنینی دیواری قودس لەپەنای جیاکردنەوەی دوو نەتەوەی ئایین جیاواز بووبێ، ئەگەر هەڵچنینی دیواری پادۆڤا لەپەنای جیاوازی خاونخوێ و بیانی بووبێ، ئەی هەڵچنینی دیواری ئەعزەمیە بە چ مەبەستێکەوە دروست دەکرێ؟!

هێزەکانی ئەمریکا لەوەتەی عێراقیان داگیرکردووە هەوڵی قوڵکردنەوەی ناکۆکی و ململانێی نێوان پێکهاتەکانی عێراقن، ئەوان جارێک فرمێسک بۆ شیعە هەڵدەڕێژن و باسی ئەو ستەم و کوشتارانە دەکەن کە رژێمی بەعس دژ بەوان ئەنجامی دابوو، جارێک بۆ سوننە دەگرین و هاواری ئەوە دەکەن کە گوایە شیعەکان دەیانکوژن، جارێکی دیکە باسی ئەو ستەمانە دەکەن کە دژ بە کورد ئەنجام دراون، بەڵام راستیەکەی ئەمریکا باکی بە شیعەو سوننەو کوردو تورکمان و مەسیحی نیە، تەنیا مەبەستی پاراستنی بەرژەوەندەکانی خۆیەتی، بەوهۆیەشەوە هەوڵدەدات جیاوازیەکان لەنێوان شیعەو سوننەو کوردا قوڵتر بکاتەوە.

ئەمریکا دەزانێ لە پەنای توندوتیژیەکان و هەبوونی شەڕی نێوەخۆ و نائارامی شارەکان دەتوانێ هێزەکانی خۆی لە عێراق بهێڵێتەوەو بەرژەوەندەکانی خۆی لە ناوچەکەدا بپارێزێ، ئەگەر ئاشتی و ئارامی بەرقەراربێ ئیدی خەڵکی عێراق داوای دەرچوونی هێزەکانی ئەمریکا دەکەن.

ئەمریکا لەگەڵ هیچ یەک لە پێکهاتەکانی عێراق راستگۆنیە، دەیەوێ کێشەی نێوان کوردو عەرەب بمێنێ، بەوهۆیەوە هەوڵی ئاسایی کردنەوەی رەوشی کەرکوک و ناوچە دابڕاوەکانی دیکە نادات، دەیەوێ نێوانی سوننەو شیعە تیرەتربێ، بەوهۆیەوە جیاوازیە ئایینیەکان گەورەتر پێشان دەدات، دەیەوێ کێشە لەنێوان کوردو تورکمان دروست بێ ، بەو هۆیەوە شاننزمی بۆ دەوڵەتی تورکیا دەکات.

دروستکردنی دیوار لە گەڕەکی ئەعزەمیەی شاری بەغداد دوایین پلانی ئەمریکا بۆ قوڵکردنەوەی جیاوازیەکانی نێوان شیعەو سوننە نابێ، بەڵکو لەو پەنایەوە دەیەوێ شاری بەغدادیش دابەش بکرێ، بەو هۆیەشەوە باشتر درێژە بە داگیرکاری بدات .

لەلایەکی دیکەشەوە ئەمریکیەکان راشکاوانە دووپات لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە پارێزگای کەرکوک بکرێ بە هەرێمێکی سەربەخۆ، لەوانەیە لەو هەرێمەشدا دیوار لەنێوان کوردو تورکمان و مەسیحی و عەرەبدا دروست بکەن .

ئەمریکیەکان دەبێ باش بزانن کە کێشەی عێراق بە دروستکردنی دیوارەکان چارەسەر نابێ، ئەگەر ئامانج لە گێڕانەوەی ئاسایش و ئارامی بۆ شارەکانی عێراقە، ئەگەر ئامانج چارەسەرکردنی کێشەکانی عێراقە دەبێ لە هەنگاوی یەکەمدا هێزی داگیرکەر بچێتەدەرێ، دواتریش خەڵکی عێراق لە ریفراندۆمێکی ئازاد دا بڕیار لە چارەنووسی خۆیان بدەن.

# لە پێوەندی ئەنجوومەنی باڵای پارتە سیاسیەکانی کوردستاندا

### وتەبێژێک بە ناوی حزبی رزگاریی کوردستان، رایگەیاند :

لەپێوەندی پێکهێنانی ئەنجوومەنی باڵای پارتە سیاسیەکانی کوردستاندا دەنگۆی ئەوە دژ بە حزبی رزگاریی کوردستان بڵاو دەکرێتەوە کە گوایە لەبەرئەوەی بانگ نەکراون بۆیە دژی پێکهێنانی ئەو ئەنجوومەنە هەڵوێستیان وەرگرتووە ، بۆ رەتکردنەوەی ئەو دەنگۆیە راشکاوانە روونی دەکەینەوە:

١- رۆژی ١٩-٢-٢٠٠٧ لە ئاکامی کۆبوونەوەی هاوبەشی سەرۆکایەتی هەرێم و پەرلەمان و حکومەتدا پێشنیاری پێکهێنانی هەردوو ئەنجوومەنی سەرۆکایەتی هەرێم و ئەنجوومەنی باڵای هێزە سیاسیەکان راگەیەندرا ، حزبی رزگاریی کوردستان یەکەمین لایەنی سیاسی کوردستان بوو کە راشکاوانە رامانی خۆی سەبارەت بە پێشنیاری پێکهێنانی ئەو ئەنجوومەنە دیارکردو بە کودێتای سەر دیموکراسی لێکیدایەوە .

٢- رۆژی ٢٢-٢-٢٠٠٧ لە کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی بەرەی گۆڕاندا نوێنەری رزگاری پێشنیاری کرد کە بەرەی گۆڕان رای خۆی سەبارەت بە دروستبوونی ئەو ئەنجوومەنە دیاری بکات کە بە خۆشحاڵیەوە بەرەی گۆڕان دژ بە پێکهێنانی ئەو ئەنجوومەنە هەڵوێستی گرت و دروستبوونی ئەنجوومەنەکەی رەخنە کرد کە لە راگەیاندنی کۆتایی کۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجوومەنی بەرەدا ئاماژەی پێکراوە .

٢- هەڤاڵ رێکار ئەحمەد سکرتێری گشتی حزبی رزگاری یەکەمین کەس بووە کە سەبارەت بەو مەسەلەیە رۆژی ٢٣-٢-٢٠٠٧ بابەتێکی لەژێر ناوی (پێکهێنانی ئەنجوومەنی باڵای هێزە سیاسیەکانی کوردستان دیموکراسی مردار دەکاتەوە) نووسیووە و لە ماڵپەڕەکانی ئینتەرنێتدا بڵاوی کردۆتەوە، دواتریش لە لاپەڕە ٣ی ژمارە ( ١٦٩) هەفتەنامەی (رۆژی گەل)ی رۆژی ٤-٣-٢٠٠٧ دا چاپ و بڵاوکراوەتەوە .

٣- رۆژی ٢٧-٢-٢٠٠٧ شاندێکی بزووتنەوەی دیموکراتی گەلی کوردستان سەردانی مەکتەبی سیاسی حزبمان، حزبی رزگاریی کوردستانیان کرد ، لەوێ ئەو باسە کرایەوە ، شاندی میوان شاهیدن کە رزگاری پێکهێنانی ئەو ئەنجوومەنەی بە کۆدێتای سەر پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان داناو رایگەیاند ئەگەر ئێمەش بانگ بکرێین، بەشداری تێدا ناکەین و رەتی دەکەینەوە .

٤- رۆژی ٢٩-٣-٢٠٠٧ هەواڵی پێکهێنانی ئەنجوومەنی باڵای پارتە سیاسیەکانی کوردستان راگەیەندرا ، رۆژی ١-٤-٢٠٠٧ حزبی رزگاریی کوردستان رامانی خۆی دووپات کردەوەو لە لاپەڕە ٣ی ژمارە ١٧٢ی رۆژی گەل دا رایگەیاند:" دەردەکەوێ کە پێکهێنانی ئەنجوومەنی باڵای پارتە سیاسیەکانی کوردستان نەک پڕۆسەی دیموکراسی قوڵتر ناکاتەوە ، بەڵکو بازنەو پەرژینی حزبی دروست دەکات و هزری دیکتاتۆری و باڵادەستی چڕتر دەکاتەوە "

لێرەدا جارێکی دیکە دووپاتی دەکەینەوە: ئێمە لە روانگەی باوەڕبوونمان بە بنەماکانی دیموکراسی، ئەنجوومەنی باڵای پارتە سیاسیەکان بە ناڕاست دەبینین ، پێشمانوایە هەوڵدانێکی ئاشکرایە بۆ زیندووکردنەوەی دەستەڵاتی حزب و سەرکردەکانی بەسەر پەرلەمان و حکومەتدا، بەوهۆیەوە رەتی دەکەینەوە .

**١٦-٤-٢٠٠٧**

# هەزاران کەس دەکوژرێن و مالیکیش فەرمانڕەوایی دەکات

سیروان شوانی

لەوانەیە هیچ چاودێرێکی رامیاری یان هیچ سیاسەتوانێکی جیهانی ئەو مافە بەخۆی نەدات کە کابینەی نوری مالیکی سەرۆکوەزیرانی عێراق لەگەڵ حکومەتەکانی وڵاتانی دیکەدا بەراورد بکات ، نەک لەبەر ئەوەی مالیکی خزمەتگوزارەو ئەوانەی دیکەش بێباک و کەمبایەخ! بەڵکو حکومەتی مالیکی وێڕای دووپات بوونەوەی تەقینەوەکان و کوشتنی خەڵکی سڤیلی ناوشارەکان و دەستدرێژیکردنە سەر ژنانی عێراق و هەڵوەشانەوەی شیرازەی خێزان و کشانەوەی ژمارەیەک وەزیری کابینەکەی کەچی هێشتا دەستی لە کورسی حوکم بەرنابێ و ئامادە نیە دەست لە کارکێشانەوەی خۆی رابگەیەنێ !

مالیکی کتومت لاسایی فەرمانڕەوا ملهوڕەکانی پێشوو دەکاتەوە، ئەگەر لافاو نیشتمان ببات و خەڵک لەنێو قوڕو لیتەدا نغرۆببن ئەو تەکان ناخوات و ئاوڕیان لێناداتەوە . فەرمانڕەوا دیکتاتۆر و ملهوڕەکانیش تۆزقاڵێک باکیان بە رەوشی گەل نیەو تەنیا بیر لە تەمەنی دەستەڵات و خۆشگوزەرانی خۆیان و بنەماڵەکانیان دەکەنەوە، لێرەدا خەڵکی ستەم چەشتووی عێراق مافی خۆیانە ئەگەر هێزەکانی عێراق بەردباران بکەن و دروشمی دژ بە مالیکی و کابینەکەی بڵێنەوە، وەک ئەوەی لە رۆژانی رابردوو هەنگاویان بۆ هەڵێنایەوە .

رۆژی ١٨-٤-٢٠٠٧ کاتێک لە ئاکامی تەقینەوەکاندا زیاتر لە ١٩٥ کەس لەنێو شاری بەغداد کوژران و نزیکەی ٢٠٠ کەسی دیکەش بریندار بوون، بنەماڵەی قوربانیەکان بە هاواری کوژراو و بریندارەکانەوە رۆیشتن، خۆیان بێکەس و بێدەرەتان بینیەوە ، ئەوان بە ناچارییەوە بە ئۆتۆمۆبێلەکانی خۆیان خۆشەویستانیان بەرەو نەخۆشخانەکان گواستەوە، بەوهۆیەوە رک وداخی خۆیان بە هێزەکانی عێراقی و ئەمریکیەکان دارشت و بەردبارانیان کردن. خەڵکەکە پڕ بەدەم هاواریان دەکرد : مالیکی کوانێ پلانی ئاسایش ؟! بووش کوانێ پاراستنی خەڵک و شارەکان ؟!

راستیەکەی جێگەی خۆیەتی بەرپرسانی عێراقی و ئەمریکی ئەو پرسیارە لەخۆیان بکەن: کوا ئاکامی پلانی ئاسایش کە بانگەشەی بۆ دەکرا ؟!

حکومەتی مالیکی و هێزەکانی عێراقی ئێستا توانای پاراستنی گرین زۆن ( ناوچەی سەوز)یان نەماوە، تەقینەوەی ناو پەرلەمانی عێراق ئەو راستییەی سەڵماند کە توانای پاراستنی خۆی نیە، هەقە راشکاوانە توناو هێزی خۆی بۆ عێراقیەکان ئاشکرا بکات و داوای هاوکاری و هاوهەنگیان لێ بکات .

مالیکی جاران لەلایەن ئەمریکاوە بەوە تۆمەتبار دەکرا کە لاگیری لە ئێران دەکات و شیعەیەکی توندڕۆیە ، بەڵام ئێستا تەواو لەگەڵ ئەمریکا سازاوەو چاودێران پێیانوایە کە ئێران گلەیی لێدەکات و بە لاگیریکردن لە ئەمریکا تۆمەتباری دەکات، ئەوان پێیانوایە مالیکی دەیەوێ لەسایەی ئەمریکا لەسەر کورسی دەستەڵات بمێنێتەوە و درێژە بە فەرمانڕەوایی بدات.

وێڕای هەموو ئەوانەشەوە ئێستا ئاشکرا بووە کە مالیکی لێزانانە لە هاوکێشە سیاسیەکاندا کایە دەکات ، لەلایەکەوە هەوڵدەدات پشتگیری ئەمریکا مسۆگەر بکات، لەلایەکی دیکەشەوە دەیەوێ هاوسۆزی ئێران لەدەست نەدات، لەهەمان کاتیشدا یاری چاوشلکانێ لەگەڵ کورد و ماددەی ١٤٠دا دەکات و دڵی ئەوان و رەوتی سەدریش رادەگرێ، بەڵام ئاشکراتر ئەوەیە



کە ئەو هەموو کوشت و کوشتارە مالیکی نایهەژێنێ ، سەرباری بێتوانایی هێزی عێراقی لە پاراستنی وڵات و دەستەڵاتدارانی، کەچی سەرۆکوەزیران ئامادە نیە واز لە پۆستەکەی بهێنێ ، ئەو هێندە تینووی دەستەڵاتە ئەگەر رۆژانە سەدان کەس لە عێراق بکوژرێن وەک کورد دەڵێ : تەقەی سەری دێ و ئاوڕ لە دواوەی خۆی ناداتەوە .